له بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# گــۆڕ

## بەڵێن و پەیمان پێ دراومانە

وەرگێڕانی

دایکی سوننە

پێداچوونەوەی

مامۆستا عدنان بارام

--------------------------------------------------------------------------

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

**برا و خوشکی موسڵمانم :** ئایا گۆڕت بینیوە ؟ ئایا تاریکی گۆڕت بینیوە ؟ ئایا ترس و سامناکی گۆڕت بینیوە ؟ ئایا ناڕەحەتی گۆڕت بینیوە ؟ ئایا تەنگی و تەسکیت بینیوە ؟ ئایا مرۆ و کرمەکانیت بینیوە ؟ ئایا ئەزانی ئەوە بۆ تۆ ئامادەکراوە هەروەك بۆ چۆن بۆ جگە لە تۆش دانراوە ؟

ئایا بینیت چۆن هاوڕێی خۆشەویست و کەس وکارت لە خانووە بەرز و جوانەکانیان گوێزرانەوە و بران بۆ گۆڕستان ؟ وە لە ڕوناکی سەر زەوی بۆ تاریکی گۆڕ ؟ وە لە یاری کردن لەگەڵ خێزان و منداڵان و کەس و کاردا ، بۆ یاری کردن لە گەڵ توندی و ناڕەحەتی مارو مرۆ ؟ وە لە گوزەرانی خۆشی بەخواردن و خواردنەوە ، بۆ پلانەوە لەناو خۆڵ وخاکدا ؟ وە لە شادمانی و دڵخۆشی بوون لەناو هاوڕێ و خۆشەویستاندا ، بۆ سامناکی و ترسناکی و تەنهایی ؟ وە لەسەر دۆشەکی نەرم بۆ مردنێکی توند و تیژ و بێ ئاکام و بەد و خراپ ؟ هەموویان لەکاتی بێ ئاگاییاندا مردنیان پێگەیشت ، و نیشتەجێی گۆڕستان بوون پاش ژیانی ڕابواردن و تام و چێژ بینینەکان ، هەموو یەکسان بوون لەپاش مردن لە ناو ئەو گۆڕەدا ، داوا لە خوای گەورە دەکەین کە گۆڕەکانمان بکات بە باخچەیەك لەباخچەکانی بە هەشت ، شاعیر دەڵێت :

أتيت القبور فناديتها        فأين المعظم و أين المحتقر؟!

وأين المذل بسلطانه        وأين القوي على ما قدر ؟!

تفانو جميعاً فما مخبر          وماتوا جميعاً ومات الخبر !!

فيا سائلي عن أناس مضو          أما لك فيما مضى معتبر ؟!

تروح وتغدو بنات الثرى          فتمحو محاسن تلك الصور !

# ترسناكی گۆڕ

لە ( هانِيء ) ی کوڕی خزمەتکاری عوسمان ﷺ کە ئەفەرموێ عوسمان ﷺ ئەگەر لەسەر گۆڕێك بوەستایە ئەمەنە دەگریا تاڕیشی تەڕ دەبوو ، و فرمێسك بە ڕیشیدا ئەهاتە خوارەوە ، پێیان ووت : باسی بەهەشت و دۆزەخ دەکرێت ناگریت ، کەچی بۆ ئەمە دەگریت ؟ ئەویش فەرمووی پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ : " القبر أول منازل الآخرة ، فإن نجا منه فما بعده أيسر منه ، وإن لم ينج منه فما بعده أشد منه " ، واتە : گۆڕ یەکەم شوێن و پلە و پایەی ڕۆژی دواییە ، جا ئەگەر ڕزگار و سەر فراز بووی لێی ، ئەوا ئەوانی دوای ئەو ئاسانترە ، وە ئەگەریش ڕزگار و سەر فراز نەبیت ، ئەوا ئەوانی دوای توند و تیژترە و بۆ ناڕەحەتی ، پاشان فەرمووی پێغەمبەری خوا ﷺ : " ما رأيت منظراً إلا و القبر أفظع منه " ( رواه أحمد والترمذي وحسنه الألباني في صحيح سنن ابن ماجة ، برقم : ٤٢٦٧ ، و صحيح سنن الترمذي ، برقم : ) ، واتە : هیچ دیمەنێکی سەر سوڕهێنەرم نەبینیوە ئیللا گۆڕ لەو ترسناکتر و تۆقێنەرتر بووە .

برای بەڕێزم ، شاعیر لەو بارەیەوە دەڵێت :

تجهز إلى الأجداث ويحك والرمس      جهازاً من التقوى لطول ما جس

فإنك ما تدري إذا كنت مصبحاً      بأحسن ما ترجو لعلك لا تمسي

**وە جارێکیان پێشەوا حەسەنی بەصری شوێنی تەرمێك دەکەوێت و لە لێواری گۆڕەکەدا دادەنیشێت و دەڵێت :** (( إن أمراً هذا آخره ، لحقيق أن يزهد في أوله ، وإن أمراً هذا أوله ، لحقيق أن يخاف آخره )) ، **واتە : شتێك ئەمە کۆتاییەکەی بێت ، حەق وایە لە سەرەتایدا پشتی لێ هەلبکرێت ، و شتێکیش ئەمە پێشەکی و سەرەتای بێت ، حەق وایە بترسێت لە کۆتاییەکەی .**

**وە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ڕۆژێك ئامۆژگاری هاوەڵانی دەکرد ، و بەشێك لە ووتەکانی ئەوە بوو کە دەیووت :** (( إذا مررت بهم فنادهم إن كنت منادياً ، وادعهم إن كنت داعياً ، ومر بعسكرهم ، وانظر إلى تقارب منازلهم .. سل غنيهم ما بقي من غناه ؟ .. واسألهم عن الألسن التي كانوا بها يتكلمون ، وعن الأعين التي كانوا للذات بها ينظرون .. واسألهم عن الجلود الرقيقة ، والوجوه الحسنة ، والأجساد النعامة ، ما صنع بها الديدان تحت الأكفان ؟! .. أكلت الألسن ، وعفرت الوجوه ، ومحيت المحاسن ، وكسرت الفقار ، وبانت الأعضاء ، ومزقت الأشلاء فأين حجابهم وقبابهم ؟ وأين خدمهم وعبيدهم ؟ وجمعهم وكنوزهم ؟ أليسوا في منازل الخلوات ؟ أليس الليل والنهار عليهم سواء ؟ أليسوا في مدلهمة ظلماء ؟ قد حيل بينهم وبين العمل ، وفارقوا الأحبة والمال والأهل )) **واتە : ئەگەر تێپەر بوویت بەلایاندا ئەوە بانگیان بکە ئەگەر تۆ بانگکەری ، وبانگەشەیان بکە ئەگەر تۆ بانگەشەکاری ، وە کە تێپەربوویت بە شوێن جیگەکانیان ، و سەیری نزیکی مەنزڵگاکانیان بکە لەیەکتر ، پرسیار بکە لە دەوڵەمەندەکانیان بزانە چی ماوەتەوە لە دەوڵەمەندیەکەیان ؟ وە**

پرسیاریان لێ بکە لە بارەی زمانیان کە قسەیان پێدەکرد ، وە دەربارەی چاویان کە چێژیان لێ دەبینی لە سەیرکردن ، وە پرسیاریان لێ بکە دەربارەی ئەو پێستە ناسك و ئەو دەم وچاوە جوانەیان ، وە ئەو جەستە خۆش گوزەرانەیان کرمەکان چیان پێکردون لە ژێر کفنەکانیاندا ؟! زمانیان خورا ، و دەم وچاو داپۆشرا ، جوانییەکان نەمان ، و ڕۆشتن بڕبڕەی پشت شکا ، ئیسکی ئەندامەکانیش دەرکەوتن ، جەستە و لاشەش پارچە پارچە کرا !!! کوان پاسەوانان و کۆشکەکانیان ؟! کوان خزمەت کاران و بەندە و ژێردەسەکانیان ؟! کوان هەموو ئەوانە ، و کوان زێڕ و گەوهەرەکانیان ؟ ئایا لە مەنزڵگا چۆلەکاندا نین ؟ ئایە شەو و ڕۆژیان لا وەکو یەك نیە ؟ ئایا لە تاریکیدا نین ؟ بەڕاستی پەردەدرا لە نێوان ئەوان و کردار کردندا ، وە جیابونەوە لە خۆشەویستان و کەس و کار و ماڵدا .

وە فەرمووی : (( فيا ساكن القبر غداً ! ما الذي غرك من الدنيا ؟ أين دارك الفيحاء ونهرك المطرد ؟ وأين ثمارك اليانعة ؟ وأين رقاق ثيابك ؟ وأين طيبك وبخورك ؟ وأين كسوتك لصيفك وشتائك ؟.. ليت شعري بأي خديك بدأ البلى .. يا مجاور الهلكات صرت في محلة الموت .. ليت شعري ما الذي يلقاني به ملك الموت عند خروجي من الدنيا .. وما يأتيني به من رسالة ربي )) ، واتە : ئەی ئەو کەسەی کە سبەینێ دەبیت بە دانیشتوانی گۆڕ ، چی تۆی لەدونیادا مەغرور و لە خۆبایی کرد ؟! وەڵامت چی دەبێت بۆ ئەم پرسیارانە : کوانێ ماڵە فراوانەکەت ؟! کوانێ ڕووبارە ڕێکردووەکەت ؟ کوانێ بەروبومە پێگەیشتوەکەت ؟ وە کوانێ جلوبەرگە ناسك وتەنکەکەت ؟ وە کوانێ

بۆنە خۆشەکانت ؟ وە جلوبەرگی هاوین و زستانت ؟! خۆزگە بەچ ڕوویەکەوە دەبن ... ئەی ئەو کەسەی نزیکی لە تیاچون ئەوەتا لەحاڵەتی مردندای ... خۆزگە فریشتەی گیان کێشان چیم بەسەر دێنێ لەکاتی ڕۆح کێشانم لە دونیادا ... وە چیم پێ دەگەیەنێ لەپەیامی پەروەردگارم ؟!

پاشان ئەو پێشەوایە ئەو هەفتەیە ڕۆشت و نەژیا پاش ئەو ووتارەی و جارێکی تر نەگەڕایەوە !!

**براو خوشکانم** : بیر بکەنەوە لەوانەی کە ڕۆشتن مەنزڵگایان کوێیە ؟ وە لە بیرتان بێت کە ئەوان تاوتوێی شتەکانیان لە گەڵدا کراوە و پرسیاریان لێ کرا . وەبشزانن هەروەکو چۆن ئەوان لۆمە دەکرێن ئیوەش لۆمە دەکرێن ، و پێشیان خۆش بوو بە شێوەیەکی باش وەربگیرێن دوای تیاچوونیان ، بەڵام هەیهات هەیهات ئەوان نیژران و لە گۆڕ نران .

لە ( وهب ) ی کوڕی ( الورد ) دەگێڕنەوە کە فەرمووی : (( بلغنا أن رجلا فقيها دخل على عمر بن عبدالعزيز ، فقال : سبحان الله ! فقال له عمر : تبينت ذلك فعلا ؟ فقال له الأمر أعظم من ذلك ! فقال له عمر : يا فلان ! فكيف لو رأيتني بعد ثلاث ، وقد أدخلت قبري .. وقد خرجت الحدقتان فسالتا على الخدَّين ، وتقلصت الشفتان عن الأسنان .. وانفتح الفم .. ونتأ البطن فعلا الصدر .. وخرج الصديد من الدبر ! )) ، واتە : پێمان گەیشت کە پیاوێکی شەرع زان چووە لای عومەری کوری عەبدولعەزیز پێی ووت : پاکی و بێ گەردی بۆ خوای پەروەردگار ! عومەر پێی ووت ئایا شتێکت بۆ ڕوون بووەتەوە ؟ پێی ووت : کارەکە زۆر لەوە گەورەترە ! عومەر

پـێـی ووت : ئـەی فـلان چـۆنـە ئـەگـەر بمبینیـت پـاش سـێ ڕۆژ کـە خراومەتـە گۆڕەکـەم ڕەشـێنەی چـاوم هاتووەتـە خـوارەوە بـە سـەر ڕوومـەتم ، و لێوەکـان دەچن بەیەکدا و بەسەر ددانەکانەوە نەماون ، و دەمیش دەکریتەوە ، و سک دەئاوسێت و دێتە سەرسنگ ، و کێم و زوخاو لە پاشەوە دەردەچێ !!!

وە ( یزید ) ی ( الرقاشي ) بەنەفسـی خـۆی دەووت : (( ویحك یا یزید ! من ذا یصلي عنك بعد الموت ؟ من ذا یصوم عنك بعد الموت ؟ من ذا یترضی عنك بعد الموت ؟ ثم یقول : أیها الناس ! ألا تبكون وتنوحون علی أنفسكم باقي حیاتكم .. من الموت موعده .. والقبر بیته .. والثری فراشه .. والدود أنیسه .. وهو مع هذا ینتظر الفزع الأكبر .. كیف یكون حاله ؟! )) .

واتە : تیابچیت ئەی یەزید لەپاش مردنت کێ نوێژت بۆ دەکات لە دوای خۆت ؟ وە کێ ڕۆژووت بۆ دەگرێت لە پاش خۆت دوای مردنت ؟ کێ بۆت دەپاڕێتەوە کە خوای پەروەردگار لێت ڕازی بێت لەپاش مردنت ؟ پاشان ووتی : ئەی خەڵکینە ! بۆچی ناگرین و هاوار ناکەن بۆ خۆتان لەو بڕەی کە ماوە لە ژیانتاندا ، ئەو کەسەی کە پەیمان و مەوعدی مردنە ، و گۆڕیشماڵیەتی ، و خاك و خۆڵیش جێگەیەتی ، و کرمەکانیش هاودەمیەتی ، و لەگەڵ ئەم حاڵەتەشدا هەر چاوەڕوانی ڕۆژی دواییە ، ئایە حاڵی چۆن بێت ؟!!پاشان ـ بەڕەحمەت بێت ـ دەستی کرد بە گریان .

## پەند وەرگرتن لە سەردانی گۆڕستان

( عبدالحق ) ی ئەشبیلی ئەڵێ : حەق وایە بۆ ئەو کەسانەی دەچن بۆ گۆڕستان وا خۆی دابنات کە ئەویش مردووە ، و ئەوەتا پێیان گەشت ، و دەچێتە شوین و مەنزڵگای ئەوان ، وە ئەویش پێویستی بەوەیە کە ئەوان پێویستیان پێیەتی ، وە حەز لەو شتانەدەکات کە ئەوان حەزی لێ دەکەن ، جا با ئەوەیان بۆ بکات کە ئەو حەزی لێیە بۆی بێت ، وە بیر لە گۆڕانی ڕەنگەکانیان بکەرەوە ، وە پارچەپارچەیی گیان و لاشەیان ، وە بیربکاتەوە لە حاڵیان ، وە چییان پێ هات پاش ئەوەی کە هاودەم بوون و بێ تاقەتی بە قسەکردنیان دەردەچوو ، کەچی ئەگەر ئیستا بیانبینین قێزیان لێ دەکرێت ، وە بینینیان ترس و سامی هەیە ، وە هەروەها بیر بکەرەوە لە کەرت بوون و تێکچونی زەوی و پەرش و بلاوبوونەوەی گۆڕستان و دەرچوونی مردوان و هەستانیان جارێکی تر بە پێی پەتی و ڕووتی وبە خەتەنە نەکراوی ، بە گوێ ڕایەڵی بۆ بانگەشەکارەکەی خوای پەروەردگار ، و بە شێوەیەکی خێرا و پەلە .... شاعیر لەو بارەیەوە دەڵێت :

یا أيُّها المتسَمَّنُ    قل لي لمن تتسمَّن ؟

سَمَّنتَ نفسَك للبِلى    وبطنت يا مستبطن

وأسأت كل إساءة    وظننت أنك تحسن !

مالي رأيت تطمئن    إلى الحياة وتركن !

یاسکن الحجرات ما　　لك غیر قبرك مسكن

الیوم أنت مكاثر　　و مفاخر تتزین

وغداً تصیر إلی القبور　　محنط ومكفن !

أحدث لربك توبة　　فسبیلها لك ممكن

اصرف هواك لخوفه　　مما تسر وتعلن

## فیتنەی قەبر

**بـرا و خوشـکی موسـڵمانم : چیت ئامادەکردووە بۆ ئەو یەکەم شەوەی کە دەتخەنە ناو گۆڕەکەتەوە ؟ ئایا نازانی کە ئەوە شەوێکی زۆر توند و سەختە ، زانایان لەبەری ترسناکی دەگرین و دانایان لەبەری شکات و سکاڵا دەکەن ، و پیاوچاکان و لـە خواترسـان قۆڵیـان بـۆی هـەڵکردووە ، هـەروەکو لـە شـیعردا هاتووە :**

فارقت موضع مرقدي　　یوماً ففارقني السكون

القبر أول لیلة　　بالله قل لي كیف یكون ؟!

**✍ ڕەبیعی کوڕی ( خیثم ) : خۆی بۆ ئەو شەوە بەم شێوە ئامادە دەکرد ، دەگێڕنەوە چاڵێکی لە ماڵەکەیدا هەڵکەند بوو ئەگەر دڵ ڕەقی ، یان هەرشتێکی لـە دڵدا دروست بوایە ئەوا دەچوە ناویەوە ، وای دەردەبڕی کە مردووە و پەشیمان بووەتەوە و داوای گەڕانەوە دەکات و ئەڵێ :** ﴿ رَبِّ ارْجِعُونِ لَعَلِّي أَعْمَلُ

صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ﴾ ( سورة المؤمنون : ٩٩ ـ ١٠٠ ) ، واتە : ئەی پەروەردگارم بمگێڕەوە بۆ دونیا ، بەڵکو چاکە ئەنجام بدەم و کاری باشە بکەم ، و ئەو هەلاّنەی لەدەستم چووە لەمەودوا لە دەستی نەدەم ... پاشان خۆی وەلاّمی خۆی دەدایەوە و دەیووت : ئەوا گەڕامەوە ئەی ڕەبیع !! وە ڕۆژانێکی تیایدا بە سەر دەبرد ، واتە لەو ڕۆژانەدا پەرستش و تێکۆشان و ترسی و دڵترسانی هەبوو .

وە لە ( أبي هريرة ) وە دەگێڕنەوە ئەویش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی : " إن الميت يصير إلى القبر ، فيجلس الرجل الصالح في قبره غير فزع ولا شعوف [ أي غير خائف ولا مزعور ] ، ثم يقال له فيم كنت ؟ فيقول : كنت في الإسلام ، فيقال له : ما هذا الرجل ؟ فيقول : محمد رسول الله ﷺ ، جاءنا بالبينات من عند الله فصدقناه ، فيقال له ، فينظر إليها يحطم بعضها بعضا ، فيقال له : انظر إلى ما وقاك الله : ثم يفرج له قبل الجنة ، فينظر إلى زهر تها وما فيها ، فيقال له : هذا مقعدك ، ويقال له : على اليقين كنت ، وعليه مت ، وعليه تبعث إن شاء الله " ، واتە : مردووە کە دەخرێتە ناو گۆڕەوە ، ئەو کەسەی کە چاکەکار بێت دای دەنیشێنن لە گۆڕەکەی بەبێ هیچ ترسێك ( واتە : بەبێ ئەوەی بترسێ ) پاشان پێی ئەڵێن : لە دونیادا لەسەر چ شتێك بوویت ؟ ئەویش ئەڵێ : من لە سەر ئاینی ئیسلام بووم ئەمجا پێی دەڵێن : ئەو پیاوە کێ بوو کە بۆتان نێردرابوو ؟ ووتی : ناوی محمد بوو نێردراوی خوا بوو ﷺ شتێکی ڕونی بۆ هێناین لە لای خواوە ئێمەش بەڕاستمان زانی و باوەڕ مان پێی هێنا ، دوای ئەوە پێی دەڵێن : تەماشاکە ئەویش کە تەماشا دەکات دەبینێ بەشێکی بەشەکەی تری تێك دەشکێنێ ،

ئینجا پێیان ووت تەماشای ئەمە بکە چۆن خوای گەورە پاراستویەتی ، پاشان ڕێی پێ دەدرێت لە لای بەهەشتەوە تەماشای گوڵ و گوڵزار و ئەوەی لەناو بەهەشتدایە ، ئینجا پێی دەڵێن : ئەمە شوێنی تۆیە ، و پێیان ووت : تۆ لەسەر دڵنیایی و بێگومانی بوویتە ، وە لەسەر ئەوەش مردویت ، وە هەر لەسەر ئەوەش زیندو دەکرێیتەوە ، ( إن شاء الله ) .

وە لە تەواوی فەرموودەکەدا هاتووە کە فەرموویەتی : (( ويجلس الرجل السوء في قبره فزعا مشعوفاً ، فيقال له : فيم كنت ؟ فيقول : لاأدري ، فيقال له : ما هذا الرجل ؟ فيقول : سمعت الناس يقولون قولاً فقلته . فيفرج له قبل الجنة ، فينظر إلى زهرتها وما فيها ، فيقال له : انظر ما صرف الله عنك . ثم يفرج له فرجه قبل النار ، فينظر إليها يحطم بعضها بعضاً فيقال له : هذا مقعدك ، على الشك كنت ، وعليه مت وعليه تبعث إن شاء الله )) ( رواه ابن ماجة في سننه ، وصححه العلامة الألباني في صحيح ابن ماجه ، برقم : ٤٢٦٨ ) .

واتە : ئینجا مرۆڤی خراپ دادەنیشێنن لە گۆڕەکەی بەترس و سامەوە ، و پێی ئەڵێن : تۆ لەسەر چی بوویت ؟ ئەڵێ : نازانم ، پێی ئەڵێن : ئەی ئەو پیاوە کێ بوو بۆتان هات؟ ئەڵێ : لە خەڵکی دەمبیست شتێکیان دەوت منیش هەر ئەوەم دەم ووت . پاشان ڕێی پێ دەدرێت لە لای بەهەشتەوە تەماشای گوڵ و گوڵزار و ئەوەی لەناو بەهەشتدایە ، ئینجا پێی دەڵێن : سەیری ئەو خۆشیانە بکە ، خوای گەورە هەموو ئەوەی لە تۆ دورخستوەتەوە . پاشان ڕێی پێ دەدرێت لە لای دۆزەخەوە تەماشایەك بکات بۆ دۆزەخ دەبینێت بەشێکی بەشێکی تری تێك دەشکێنێت ، و پێی ئەڵێن : ئەمە شوێن و جێگەتە ، چونکە تۆ لەسەر

گومان بوویت و لەسەر ئەوەش مردویت ، هەر لەسەر ئەوەش زیندو دەبیتەوە ( إن شاء الله ) .

أرى أهل القصور إذا أميتوا        بنوا فوق المقابر بالصخور

أبوا إلا مباهاة وفخراً        على الفقراء حتى في القبور

لعمرك لو كشفت الترب عنهم        فما تدري الغني من الفقير

ولا الجلد المباشر ثوب صوف        من الجلد المباشر للحرير

إذا أكل الثرى هذا وهذا        فما فضل الغني على الفقير ؟

✍ ئەی خوشك و برایانم ! ئایا ناگرین بۆ مردن و سەکەراتی مردن ؟

✍ ئەی خوشك و برایانم ! ئایا ناگرین لە ترسی گۆڕ و گوشاندنی ؟

✍ ئەی خوشك و برایانم ! ئایا ناگرین لە ترسی ئاگر لە ڕۆژی دوایی ؟

✍ ئەی خوشك و براکانم ! ئایا ناترسن لە تینوێتی ڕۆژی پەشیمان بوونەوە ؟

# سزا و ناخۆشی ناو گۆڕ

**برای بەڕێزم :** سەبارەت بە سزای گۆڕ بەجێگیری و بە ڕاستی هاتووە لە قورئانی پیرۆز ، و کۆڕای زانایانیشی لەسەرە ، و هیچ کەسێکیش ئینکاری ناکات ئیللا کەسێکی خۆبەزل زان و یاخیبوو نەبێت .

خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ سَنُعَذِّبُهُم مَّرَّتَيْنِ ثُمَّ يُرَدُّونَ إِلَى عَذَابٍ عَظِيمٍ ﴾ ( سورة التوبة : ١٠١) ، واتە : دووجار ئازاریان دەدەین ، و پاشان دەبرێنەوە بەرەو سزا و ئازارێکی زۆر سەخت ودژوار .

وە هەروەها ئەفەرموێ : ﴿ وَحَاقَ بِآلِ فِرْعَوْنَ سُوءُ الْعَذَابِ النَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ أَدْخِلُوا آلَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ الْعَذَابِ ﴾ ( سورة غافر : ٤٥ ـ ٤٦ ) ، واتە : دارو دەستەکەی فیرعەون سزایەکی زۆر سەختیان تووش بوو ، بەیانیان و ئێواران بە ئاگری دۆزەخ ئەزیەت دەدرێن ، و لە ڕۆژی دواییشدا فەرمان دەدرێت : ئادەی تاقم ودەستەکەی فیرعەون بخەنە ناو سەخترین ئێش وئازارەوە .

وە لە بەرائی کوڕی عازەبەوە ئەویش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " يثبت الله الذين امنوا بالقول الثابت " ، واتە : خوای گەورە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە جێگیریان دەکات لەسەر گوفتاری بەجێ و دروستیان ... وە دەیفەرموو : " نزلت في عذاب القبر ، يقال له : من ربك ؟ فيقول : ربي الله ، ونبي محمد ﷺ ، فذلك قوله عز وجل : [ يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ ] ( سورة إبراهيم : ٢٧ ) " ( متفق

علیه ) ، واتە : ئەمە لە بارەی سزای ناو گۆڕەوە دابەزیوە . پێی دەڵێن کێ پەروەردگارتە ؟ ئەڵێ : پەروەردگارم خوایە و پێغەمبەرەکەشم محمدە ﷺ ، ئەمەش ئەو فەرموودەیەی خوای گەورەیە کە ئەفەرموێ :.... هتد .

وە لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ : فەرمویەتی : " لولا أن تدفنوا ، لدعوت الله أن يسمعكم عذاب القبر " ( مسلم ) ، واتە : ئەگەر ناشتن نەبوایە ، ئەوا داوام دەکرد لە خوا کە گوێتان لەسزای گۆڕ ببایە .

وە هەر لە ئەنەسەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إن العبد إذا وضع في قبره ، وتولى عنه أصحابه ، إنه لسميع قرع نعالهم ، قال : يأته ملكان فيقعدانه فيقولان له : ما كنت تقول في هذا الرجل ؟ قال : فأما المؤمن فيقول : أشهد أنه عبد الله و رسوله قال : فيقال له : انظر إلى مقعدك من النار ، قد أبدلك الله به الجنة ، قال نبي الله ﷺ فيراهما جميعاً ، وأما المنافق والكافر فيقال له : ما كنت تقول في هذا الرحل ؟ فيقول : لا أدري ، كنت أقول ما يقول الناس ، فيقال : لا دريت ولا تليت ، ويضرب بمطارق من حديد ضربة ، فيصيح صيحة يسمعها من يليه غير الثقيلين "( متفق عليه )

واتە : مرۆڤ کاتێك کە خرایە ناو گۆڕەکەیەوە و هاوڕێیانی دەگەڕێنەوە ، لەوکاتەدا گوێی لەدەنگی نەعلەکانیان دەبێت ، وە فەرمووی : دوو فریشتە دێن بۆ لای و دایدەنیشێنن و پێی دەڵێن : چیت دەووت دەربارەی ئەو پیاوەوە ؟ فەرمووی : ئەگەر ئیماندار بێت ئەڵێ : شایەتی دەدەم کە بەندە و نێردراوی خوایە ، فەرمووی ئینجا پێی دەڵێن : تەماشای شوێن و جێگەی خۆت بکە لە

ئـاگردا ، خـوای گـەورە بـۆتی گـۆڕی بەشـوێن و جێگەیـەك لـە بەهەشـتدا ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی : . هـەردووکیان . هـەردوو جێگەکـەی . دەبینێت ، وە سەبارەت بەدوو ڕوو و بێ باوەڕ ، ئەڵێن : چی دەووت دەربارەی ئەو پیاوەوە ؟ ئەڵێ : نازانم ، ئەوەم دەوت کە خەڵکی دەیان ووت ، پێی دەڵێن : نە زانیت نەش شوێنی ڕەوایی یان شوێنی ئەوانە کەوتیت کە دەیانزانی ، وپاشـان یـەك چەکوشـی ئاسـنینی لێ دەدەن یـەك هـاوار دەکـات هـەموو شـتێك دەیبیستێت ئیللا جنۆکە ومرۆڤ نەبێت .

## ئەو ووتانەی کە سەبارەت بە گۆڕ ووتراوە

لە عەلی کوڕی ئەبی تالبەوە : ئەگێڕنەوە کە لە ووتارەکەیدا فەرمویەتی : (( يا عباد الله : الموت الموت ، فليس منه فوت ، إن أقمتم له أخذكم ، وإن فررتم منه أدرككم الموت معقود بنواصيكم ، فالنجاة النجاة ، الوحا الوحا ، فإن وراء كم طالبا حثيثا وهو القبر ألا وإن القبر روضة من رياض الجنة ، أو حفرة من حفر النيران ، ألا وإنه يتكلم في كل يوم ثلاث مرات فيقول : أنا بيت الظلمة .. أنا بيت الوحشة .. أنا بيت الديدان ، ألا وإن وراء ذلك اليوم يوما أشد من ذلك اليوم ، يوما يشيب فيه الصغير ، ويسكر فيه الكبير : ﴿ وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُم بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ ﴾ ( الحج : ٢ ) )) .

واتـە : ئـەی بەنـدەکانی خـوا مـردن مردنتـان لـە بـیر نەچـێت ، لـە دەسـت دەرچوونی نییە ، ئەگەر هەستن بۆی دەتان بات ، وە ئەگەر لێشی ڕابکەن پێتان ئەگات ێتانەوە بەندە ، کەوابوو خۆ ڕزگارکردن خۆ ڕزگارکردن ، پەلە بکەن پەلە

بکەن ، چونکە داواکارێکی زۆر خێرا بەدواتانەوەیە ، کە ئەویش گۆڕە ، وریابن قەبر باخێکە لە باخەکانی بەهەشت ، یان چاڵێکە لە چاڵەکانی دۆزەخ ، وریابن لە ڕۆژێکدا سێ جار بانگتان لێوە دەکات و ئەڵێ : من ماڵی تاریکم ... من ماڵی ترسناکیم و تەنهاییم ... من ماڵی کرماویم ، هەروەها وریابن لە دوای ئەم ڕۆژە ڕۆژێك دێت کە زۆر توند وسەخت ترە ، ڕۆژێکە منداڵی تێدا پیر دەبێت ، وە گەورە و بەتەمەن تێدا بێ ئاگا و سەرخۆش دەبێت : ﴿ وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُم بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ ﴾ ، واتە : خەڵکی وەکو سەرخۆش دەبینیت لەو ڕۆژەدا ، کەچی لە ڕاستی دا سەرخۆشیش نین !! بەڵکو سزای خوا زۆر سەخت وسامناکە وسەری لێ شێواندون .

| | |
|---|---|
| أأيتها المقابر فيك | من كنّا ننازلـه |
| ومن كنا نتاجره | ومن كنا نعاملـه |
| ومن كنا نعاشره | ومن كنا نطاولـه. |
| ومن كنا نشاربه | ومن كنا نؤاكلـه |
| ومن كنا لـه إلفا | قليلاً ما نزايلـه |
| ومن كنا بالأمس | أحيانا نواصلـه |
| فحل محله من حلها | صرمت حبائلـه |
| ألا إن المنية منهل | والخلق ناهلـه |

# سەردانی گۆڕستان و سودەکانی

**برا وخوشکی ئـازیزم : ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە سەردانی مردوان لەگۆڕەکانیاندا ، و پەند وەرگرتن لە حاڵ و ئەحواڵیان فەرمویەتی : "** زوروا القبور فإنها تذكر الموت " ( رواه مسلم ) ، **واتە : سەردانی گۆڕستان بکە چونکە مردنتان بیردەخاتەوە .**

**وە فەرموویەتی :** " نهيتكم عن زيارة القبور فزروها " ( رواه مسلم ) ، **واتە : نەهییم لێ کردن لەسەردانی گۆڕستان ، بەڵام لەمەودوا سەردانی بکەن .**

**وە لە ڕیوایەتی** ( أبو داود ) **دا هاتووە :** " فإن في زيارتها تذكرة " ، **واتە : چونکە لە سەردانیدا بیرخستنەوە هەیە** ( صححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود ، برقم : ٣٢٣٥ )

.

**وە لە ڕیوایەتی** ( أحمد ) **دا هاتووە :** " فزوروها فإن في زيارتها عظة و عبرة " ، **واتە : سەردانی بکەن چونکە لە سەردانیدا پەند و ئامۆژگاری وەردەگرن .**

**وە پێغەمبەری خوا ﷺ : ئەگەر بڕۆشتایەتە سەر گۆڕستان ئەیفەرموو : "** السلام عليكم أهل الديار ، من المؤمنين والمسلمين ، أنتم السابقون وإنا إن شاء الله بكم لاحقون ، أنتم لنا فرط ، ونحن لكم تبع ، أسأل الله لنا ولكم العافية " ( مسلم ) ، **واتە : سەلامی خوای گەورەتان لە سەر بێ ئەی ئەهلی گۆڕستان ، لە ئیمانداران و موسڵمانان ، ئێوە پێشکەوتوون ، وەئێمەش ـ إن شاالله ـ پێتان دەگەین ، ئێوە**

بۆ ئێمە پێشینن و ، ئێمەش بە دوای ئێوەدا دێن ، داوامان وایە لە خوای گەورە بۆتان کە سەلامەت و پارێزراو بن .

وە سەردانی گۆڕستان سودێکی زۆری هەیە لەوانە :

١ ـ یادخستنەوەی مردن و ڕۆژی دوایی .

٢ ـ کورتی ئاواتەکان .

٣ ـ وازهێنان و زوهد کردن لە دونیا .

٤ ـ دڵ نەرمی .

٥ ـ فرمێسک ڕژان ( واتە : گریان ) .

٦ ـ نەهێشتنی بێ ئاگابوون .

٧ ـ لە خواترسان لە دڵی ئینساندا دروست دەکات .

٨ ـ هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆرت پێ دەدات لە عیبادەتدا .

( محمد ) ی کوڕی ( واسع ) بە پیاوێکی ووت : (( ما أعجب إلَيَّ مترلك ! فقال : وما يعجبك من منرلي ، وهو عند القبور ؟ قال : وما عليك ، يكفون الأذى ويذكرون الآخرة !! )) ، واتە : ماڵەکەتم زۆر پێ باشە ؟ ئەویش ووتی : چ وای لێکردووی کە ئەوەندە ماڵەکەمت بەدڵ بێت لە کاتێکدا لەلای گۆڕستانەکەدایە ، ووتی : چ زیانێکیان هەیە بۆت ؟ دەستیان هەڵگرتوە لە ئازاردانت ودواڕۆژیشت بیردەخەنەوە .

## ئەو هۆکارانەی کە سزای ناو گۆڕ تووش دەکەن

برا و خوشکی موسڵمان و سەرکەوتووم : پێشەوا ( ابن القيم ) . ڕەحمەتی خوای لێ بێت . ئەوەمان بۆ باس دەکات کە ئەهلی گۆڕستان سزا دەدرێن لەسەر نەفامێتیان بەرامبەر بە خوای گەورە ، و گوێ نەدان وپشت گوێ خستنی فەرمانەکانی ، و لە سەر کردن و ئەنجامدانی تاوانەکان ... بەڕاستی سزای گۆڕ و سزای دواڕۆژ شوێنەوار و هۆی تووڕەبوونی خوای پەروەردگارە لە بەندەکەی ، سزای ناوگۆڕ لەسەر تاوانەکانی دڵ ، و چاو ، وگوێ ، ودەم ، و زبان ، و . سك ، و عەورەت ، و دەست ، و قاچ ، و گیان و لاشەی مرۆڤە هەمووی ، وە هەر کەسێك خوای گەورە تووڕە بکات لەم دونیایەدا ، پاشان تۆبەش نەکات و نەگەڕێتەوە ، و لەسەر ئەوەش بمرێت ، ئەوە سزای بەرزەخی بۆ هەیە و زیاد وکەمیشی بە گوێرەی ئەو تووڕە بوونە دەبێت ، وە بەڵێنیش بە سزادانی ناو گۆڕ هاتوە لەسەر زۆرێك لە تاوان و سەرپێچیەکان لەوانە :

١ ـ غەیبەت کردن و قسە هێنان و بردن .

٢ ـ خۆ پاك نەکردنەوە ، واتە : لەکاتی تارات گرتندا لە سەرئاوکردندا .

٣ ـ نوێژکردن بەبێ دەست نوێژەوە .

٤ ـ درۆکردن .

٥ ـ نوێژ نەکردن و قورس بوون لە نوێژدا .

٦ ـ زەکات نەدان .

٧ ـ داوێن پیسی .

٨ ـ دزی کردن لە غەنیمەدا .

٩ ـ خیانەت و ناپاکی کردن .

١٠ ـ هەوڵ دان بۆ ئەوەی ئاشووب و فیتنە بخیتە نێوان موسڵمانانەوە .

١١ ـ ڕیبا خواردن .

١٢ ـ سەر نەخستنی ستەم لێکراو .

١٣ ـ ئارەق و مەی خواردنەوە .

١٤ ـ جل و بەرگی شۆر کردن ـ بۆ پیاوان ـ بە مەبەستی خۆ بەزل زانین بیت یان جگە لەوە .

١٥ ـ پیاو کوشتن .

١٦ ـ جنێو دان بە صەحابە .

١٧ ـ مردنێك کە لەسەر جگە لەسونەت بێت ـ واتە : بیدعەچی بیت ـ .

وە دوای ئەوەی کە ئەو جۆرە زۆرەمان لە حەرامەکان بۆ باس دەکات ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ ئەوانەی کە مردوانی پێ سزا دەدرێت لە گۆڕەکانیاندا دەفەرموێ : (( خوا پەنامانداتدات ، زۆربەی خەڵکی وان ، و زۆربەی

ئەهلی گۆڕستانیش سزا دەدرێن ، و سەرفراز و سەرکەوتو تیایاندا زۆر کەمە ، ئەوەی کە دیارو ئاشکرایە لە گۆڕستاندا خۆڵە ، بەڵام ئەوەی کە نادیارە سزا و پەشیمان بوونەوەیە ، ڕواڵەت و ئەوەی کە دیارە خۆڵ و بەبەرد نەخشێندراوە و ڕازێنراوەتەوە ، وە لە ناوەوەشیدا ناڕەحەتییە دەکوڵێنرێت بە ئازار و ناڕەحەتی ، هەروەکو ئەوەی لە قابلەمەدایە دەکوڵێنرێت ، شایستەی ئەوەشن و هیچیش نامێنێ و پەردەش دەدرێ لە نێوان ئەوو ئاوات و ئامانجەکانی .

سوێند بێت بە خوا گۆڕەکان ئامۆژگاری ئامۆژگاریکاران دەکات ، وە بە ووتە چەند قسەیەکیان پێی دەڵێت و بانگیان لێ دەکات و دەڵێت : ئەی خزمەت کار و بەخێو کاری دونیا ماڵ و خانویەکتان چاك کرد کە تیا دەچیت و نامێنیێ ، و ماڵێکیشتان وێران و تیك دا کە زۆر زوو بۆی دەڕۆن و دەگوێزرێنەوە ، ئایا دەزانن کە دونیا ماڵی وەفاداری و چاکە کارییە ، وە شوێنی بەجێ هێلانی کردارەکانە ، و جێگەی ناشتن و چاندنە ، و شوینی پەند وەرگرتنە ، جا گۆڕەکانتان باخێکە لە باخەکانی بەهەشت یان چاڵێکە لە چاڵەکانی دۆزەخ )) ...

شاعیر لەبارەیەوە دەڵێت :

| | |
|---|---|
| ما للمقابر لا تجيب | إذا دعاهن الكئيب |
| حفر مسقفة عليهن | الجنادل والكثيب |
| فيهن ولدان وأطفال | وشبان وشيب |

كم من حبيب لم تكن نفسي بفرقته تطيب
غادرته في بعضهن مجندلاً وهو الحبيب
وسلوت عنه وإنما عهدي برؤيته قريب

## جا پەند و عیبرەت وەرگرن
## ئەی خاوەنی هزر و ژیریەکان

**براو وخوشكانی بەڕێزم :**

✍ چەندەها كەس بوون زوڵم و ستەمیان كرد !! بێ ئەوەی ئەهل و كەس و كاری هاوسێتی ڕەچاوی بكات ، وە لەكاتێكدا كە هەر سوڕ بوو لە سەر ئەوانەی ، مردن یەخەی پێ گرت و دوگمەی بە پۆشاكەی نەهێشت !!! **جا پەند وعیبرەت وەرگرن ئەی خاوەن هرز و ژیرەكان** .

✍ مرد و ڕۆشت بەڵام هیچ شتێك نەبوو بە هاوڕێی جگە لە كفنەكە نەبێت ، ڕۆشت بۆ ماڵی ڕزان و نەمان وبۆگەن بوون ، ئەگەر بیبینی چ نارەحەتیەكی بەسەردا هاتووە ، و چۆن ئەو ڕوومەتە جوانەی ناشرین بووە ، پرسیاریش مەكە بۆچی وای لێ هات ، **جا پەند وعیبرەت وەرگرن ئەی خاوەن هرز و ژیرەكان** .

✍ کوانێ کۆڕ و کۆمەڵی ؟! کوانێ ئەو گووزەران و ژیانە پاك وپوختەیەی ؟! کوانێ ئەو تام وچێژەی کە ئێستا نەماوون ؟ چەند ، و چەندەها چاو ڕۆشت و نەما و هەموو شوێنەوارەکان نەمان وشارانەوە !!! **جا پەند وعیبرەت وەرگرن ئەی خاوەن هرز و ژیرەکان** .

✍ هەموو هۆکارەکانی لێ بڕا ، هاوڕێی و هاودەمەکانی وازیان لێهێنا ، خۆڵ بۆ بە ڕاخەر فەرشی ، لەوانەشە دەرگایەکی لە ناو گۆڕەوە بۆ کرابێتەوە لە دۆزەخەوە !! **جا پەند وعیبرەت وەرگرن ئەی خاوەن هرز و ژیرەکان** .

✍ بێگومان پەشیمان بوویەوە ، وە دەگری بۆ تاوان هەڵەکانی ، ئاواتە خوازە ئەو چێژ و خۆشیانەی قەد نەبینایە ، گەشتە ئەو ڕاستیەی کە ئەوەی کە بنیادی کرد ڕووخا و کاول بوو !! **جا پەند وعیبرەت وەرگرن ئەی خاوەن هرز و ژیرەکان** .

# ئەو هۆکارانەی کە ڕزگارکەرن لە سزای گۆڕ

ئیمامی ( ابن القیم ) . ڕەحمەتی خوای لێ بێت . بۆمان باس دەکات کە هۆکاری سەرفرازی و رزگاری لە سزای گۆڕ ، ئەوەیە کە مرۆڤ دوور بکەوێتەوە لەو هۆکارانەی کە سزای گۆڕی توش دەکەن ، کە ئەوەش هەموو تاوان وسەرپێچییەکانن .

وە باسی ئەوەشمان بۆ دەکات کە بەسودترینی ئەو هۆکارانە ، ئەوەیە کە مرۆڤ هەموو ڕۆژێك موحاسبەی نەفسی خۆی بکات لەسەر ئەوانەی کە

خەساری کردوونە ، و بردویەتیوە لەو ڕۆژەیدا ، پاشان تەوبە و پەشیمان بوونەوەی زوو بە زوو تازە بکاتەوە لە نێوان خۆی و پەروەردگاریدا ، وە لە سەر ئەو تەوبە و پەشیمان بوونەوەیەی بخەوێت ، چونکە ئەگەر بێت وبمرێت لەوشەوەدا ئەوا لەسەر تەوبە و پەشیمان بوونەوە مردوە ، وە ئەگەریش هەستێتەوە ئەوە هەستاوە بەڕوو بەڕوو بوونەوەی کردارچاك كردن ، لەو كاتەشدا دڵ خۆش دەبێت بەدواكەوتنی ئەجەلەكەی ، بۆ ئەوەی ڕوو لە خوای پەروەردگاری بكات ، بشگات بەوەی كە لە ڕۆژانی پێشتری لە دەستی ڕۆیشتوون و لە دەستی داوون ، وە هەوڵی ئەوەش بدات نەنوێت ئیللا بە دەستی بە دەست نوێژەوە نەبێت ، و لەسەر زیكری خوای پایە بەرز نەبێت ، لە گەڵ بەكارهێنانی ئەو زیكر وسونەتانەی كە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ پێمان گەشتوون لە كاتی نوستندا ، بۆ ئەوەی خەو بەتەواوی دەیگرێت ، جا هەر كەسێك خوای گەورە خێر و چاكەی بۆ بوێت ئەوا بەردەوام سەركەوتووی دەكات بۆ ئەمە .

پاشان ـ ڕوحمەتی خوای لێ بێت ـ باسی ئەو تاعات وعیبادەتانەمان بۆ دەكات كە هاتوون و ڕزگاركار و سەرفرازكارن لە سزای گۆڕ ئەویش ئەمانەن :

١ ـ پاسەوانی لە پێناوی خوادا .

٢ ـ شەهید بوون لە پێناوی خوادا .

٣ ـ خوێندنەوەی سوڕەتی ( الملك ) .

٤ ـ مردن بەسك ئێشە .

٥ ـ مردن لە ڕۆژی هەینی دا .

پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێك پەنابگرێت بە خوای بڵند و باڵادەست لە سزای ناو گۆڕ ، خۆشی بۆ ئامادەباش بکات بە کرداری چاکە پێش ئەوە بچێتە ناویەوە ، چونکە بەراستی ئیشی بۆ ئاسانە مادام هێشتا لە دونیایە .

چونکە ئەگەر خرایە گۆڕ ئاواتە خوازە کە ڕوخسەتی بدەن کە تەنها چاکەیەك بکات ، یان ڕوخسەتی بدەن دوو ڕکات نوێژ بکات ، یان بڵێ : ( لا إله إلا الله محمد رسول الله ) ئەگەر یەك جاریش بووە ، یان ڕوخسەتی بدەن کە تەنها یەك جاریش بووە بڵێت : ( سبحان الله ) ، بەڵام هیچ کاتێك ڕوخسەتی پێ نادرێت ، بۆیە هەر لە سەر ئەو حەسرەت و پەشیمان بونەوەیە دەمێنێتەوە ، وە سەرسامیش دەبێت لەو زیندووانەی کە چۆن کات و ڕۆژگارەکانیان دەفەوتێنن ، و بە فیڕۆی دەدەن لە بێ ئاگایی و دەست بەتاڵی ؟!!

قد كان عمرك ميلا        فأصبح الميل شبرا
وأصبح الشبر عقدا        فاحفر لنفسك قبرا

داوامان وایە لە خوای پەروەردگار کە سەرکەوتومان کات بۆ خۆ ئامادەکردنمان بۆ ڕۆژی دوای ، وە لەو کەسانەشمان نەکات کە پەشیمانن ، وە قەبرەکانیشمان لە پاش بڕان و جیابونەوەمان لە دونیا بۆ بکات بە باشترین مەنزڵگا ، هەر ئەوە یاریدەری ئەو شتانە و بە تواناشە لە سەری ، وە هەر ئەویشە بەسمان و باشترین وەکیلیشە .

وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه أجمعين